# هەڵبژاردەیەك لە شیعرەكانی
# مامۆستا جەلال مەلەکشا




نووسینەوە و ئامادەکردنی:

هەڵۆ بەرزەنجەیی

ماڵپەری ڕۆژهەڵات – بۆکان

گەلاڕێزانی ساڵی ٢٠٢٠ی زایینی، ئاڵمان

www.rojhalat.de

www.bokan.de

# پێرست:

پێشەکی: شیوەنێ بۆ مەرگی جەلالی مەلەکشا ........................................... 3
نموونەیەک لە شیعرەکانی:....................................................... 6
وشەی پیرۆز ............................................................................ 6
سەمبول.................................................................................. 7
دۆزەخ ................................................................................... 8
کات ..................................................................................... 11

## پێشەکی: شیوەنێ بۆ مەرگی جەلالی مەلەکشا

ئەوە مێژوویەکی پرشنگدارە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مامۆستایان "هەژار و هێمن" وەک دوو شاعیر و کەسایەتی دیار و هەڵکەوتووی یادگاری کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان و ئامادەگی کردەیی خۆشیان بە لێهاتوویی فرە بەرهەمی و خزمەت لە کایەی ئەدەب و نووسینی کوردیدا،قورسایی و بارستاییەکی هێندە گەورەیان بەسەر ئەو دوو کایەوە سەپاندووە، بۆتە جۆرێک لە مەحاڵ ،هەر شاعیر و نووسەرێک بە سانایی بتوانێ کەوشەنیان تێپەڕێنێ و قورساییەکی تر بهێنیتە جێگایان.

ئەوان هەردوو هێشتا لوتکەن و جارێ ئەو پێگەیەشیان پێ چۆڵ ناکرێ. لە هەشتانی سەدەی ڕابووردوودا چەند دەنگێکی شیعری هیوابەخش پەیدابوون و کەوتنە بەر گوێمان. باش هاتن و زوو چوون"شەریف و سوارە".

بەڵام هاوشانی ئەوان و بە جیا دەنگێکی تریشمان بەرگوێ کەوت، کە تەمەنی هەتا٣١/١٠/٢٠٢٠ درێژ بۆوە و هەلالەی دەنگ و شیعری کۆتایی نەهات. دەنگێ ڕۆژ بە ڕۆژ هاوتەریب لەگەڵ هەناسە و بە ئیلهامی "لەتیف هەڵمەت و پەشێو و شێرکۆ بێکەس" دا دەیویست بگاتە لوتکە. باشتر بڵێم لوتکەیەکی تر بخاتە تەنیشت لوتکەی هەژار و هێمن.

دەنگێ کە لە دواجاردا دەبێتە،درێژکراوەی دەنگە تاقانەکەی پەشێو و لە زەمینی و زەمانێکی تردا، بە ناسنامەی خۆیەوە لە چڕینی سروود و هۆنینەوەی وشەی زڕەی زنجیر لە کونجی زیندانەکانەوە بەردەوام دەبێت. ئەو دەنگە زوڵاڵە بە ڕەگەز و توخمی ڕەسەنایەتی و دینامیک و وزەی زیندووەوە،هەر لە چاوترووکانێکدا بۆخۆی دەبێتە نەعرەتەیەکی بەرز و ڕێچکەیەکی کوێرنەبووەوەی باوەڕ و هەڵوێست و سەکۆیەکی نوێ لە تۆماری مێژووی شیعر داگیر دەکات.

ئەم بوولبوولە خۆشخوانە تا لە ژیاندا بوو،هەر جریوەی هات و بە دەنووکی هەڵۆ بەرزەفڕەکاندا ، پەیام لەسەر پەیامی دەنارد و مۆری دیوانەکەی "جەلال مەلەکشا"ی لێدەدات. ئەم قەڵەم و دەنگە لە ساڵی ١٩٧٨بەدواوە، بە کوردی بۆ ژان و ئازار و مەینەتییەکانی نەتەوەکەی

گاڤی هاتنە نێو مەیدانی ئەدەب هەڵدێنێ و لە خێراییەکی چاوەڕوان نەکراودا،نەک هەر وەک سوارچاکێکی لێوەشاوە جێی خۆی دەکاتەوە، بەڵکو وەرچەرخانێکی گرنگی ئەرێنیش لەخۆیی و شیعری کوردیدا لەو بەشە بندەستەدا دروست دەکات. خێرا دەبێتە ناونیشان و سیمبۆڵی مەسەلەیەکی ڕەوا، مەسەلەی نەتەوە و خاکێکی بێ ناسنامە و نەخشەی سیاسی . بەڵێ ئەم دۆزە نەتەوەییە بەر هەقە،باڵی گشتی خۆی دەکێشێ بەسەر تێکڕای جیهانبینی شاعیردا و مەلەکشا،ئیدی تەمەنی خۆی بۆ تەرخان دەکات. هەڵبەت شاعیر دڵ و حەز و چاو و تێڕوانین و باوەڕ و خۆشەویستی بۆ گوڵ و ئاواز و دیمەنی جوان و بەها مرۆییەکانی دیکە و دڵداری هەبووە،بەرکەوتەشی لەگەڵیان هەبووە بۆیان هاتۆتە گۆ و ئاوێزانیان بووە و هەستی شاعیرێتی لە پلەی هونەری بەرزدا بۆ دەربڕیوون. بۆیە شاعیر دەبێتە باڵوێزی پرسە نەتەوەییەکەی... چیرۆکێک هەیە دەست دەدات لێرەدا پێشکەشتان بکرێ و دەڵێ:" کاتێ بەلای ماڵێکدا تێدەپەڕی گڕێ تێبەربووە و گوێت لە هاوار و قیژەی ژن و منداڵ دەبێت. کاری هونەر و ڕاست هەر ئەوە نییە بەس تەلەفون بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاگرکوژێنەوە بکەیت ، بەڵکو دروست و ڕاستێتی ئەوەیە ژن و منداڵەکان ڕزگار بکەیت و ئینجا بتوانی بە سەتڵە ئاوێکیش بێت هەوڵی کوژانەوەی ئاگرەکە بدەیت". مەلەکشا کتومت هەروا دەکات و وای کردووە. لەو چرکەساتەی باوەڕ و هەستی ئاوێتەی ژانی نەتەوەکەی دەبێتەوە و قورسایی زوڵمە نەتەوەییەکەی سەرشانی میللەت و نیشتمانەکەی باشتر دەرک پێ دەکات، دەزانێ جەستەی نەتەوەکەی هەلاهەلا بووە. ئیدی خۆی بە هزر و قەڵەم و هەڵوێشتەوە تەرخانی ئەم پرسە ڕەوایە دەکات. مەلەکشا بە زرنگییەوە چاو دەبڕێتە یەک ئاسۆ، ئەویش هیوای ئازادی نەتەوە و سەربەخۆیی وڵاتەکەیەتی.بە عەشقێکی هێندە جاویدانییەوە چاوەڕێی ئەو ڕۆژە دەبێت،بێ ئەوەی لە دەرگای سنوور بدات!سنووری بەناهەق کێشراوی کۆلۆنیالیستی،سنووری پێشمەرگە و کۆڵبەرکوژ،سنووری دەوڵەتانی ئەنفالچی و پەت و سێدارە، ئەو بستوکەی دوژمن بۆ ئێمە!ناوی ناوە سنوور ! کاوەی کوڕی جانتاکەی هەڵگرێ،لە گەراجی سنە گوێی لە دەلاڵەکان بێت هاوار دەکەن:سلێمانی، کەرکوک، هەولێرو بەسەربەستی بتوانێ گەشت بکات. قۆناغی دەرکردنی سرووە دەبێتە پەیژەیەکی باش بۆ هەڵزنان بەرەو لوتکە ناوبراوەکە. تێکەڵی و ئاڵوگۆڕی نێوان خۆیی و شاعیر و نووسەرانی باشوور و ڕۆژهەلات و بەدەستهێنانی بڵاوکراوەکانی باشووریش لە سەرێکی دیکەوە،دەبێتە گۆچانێکی تری بوون،بۆ سەرکەوتن بەسەر هەورازی قووچ و هەڵەمووتی

دیسان بەرەو لوتکە.. مەلەکشا، بە وێنەیەکی شیعریی بە وشەی ساکار، بە زمانێکی ڕەوان لێ تژی لە زڕە و پەیام ،بە چیرۆک و بەسەرهاتی واقعی ژیانی نەتەوەکەی بەرجەستە دەکات و پەیتا پەیتا ،لە زیندانە مەرگبەخشەکانی ئێرانەوە،کە زیاتر لە ١٦ ساڵ تەمەنی تێدا بەناچاریی،لێ قارەمانانە بەسەر بردوون ،ڕەهەندی نەتەوەکەی دەکات. مەلەکشا ساڵی ١٩٥١ لە گوندی مەلەکشای سەر بە پارێزگای سنەی خوێناوی لەدایک بووە و هەر لەوێش لە ٢٠٢٠/١١/١ دا بە تەڵقینی کوردییەوە بەدایکی نیشتمان سپێدراوەتەوە. بەدڵنیاییەوە لەو دنیاش مەلەکشا دەچێتەوە بۆ دیداری دوو مامۆستاکەی! بۆ کۆڕی تێکۆشانێ کە باوەڕ و عەشق و ژیانی بوو، تا لەتەک ئەواندا سروودی " لەو دنیاش بۆ کورد تێهەڵدەچمەوە" گەرمتر بکات. ئێستا مەلەکشا بەجەستە جێی هێشتووین،بەڵام بە باوەڕی نەتەوایەتی و وشەی زنجیر پسێن و هەڵوێستی تێکۆشەرانە و ڕەفتاری کوردایەتییەوە،ناوی خۆی لە دەفتەری سەرەتایەکی نوێی نەمریدا تۆمار کرد. مردنی ئەو و وشەی کوردی و شیعر و کوردستان پێکەوە گرێ دراون.

هەڵۆ بەرزەنجەیی

گەڵاڕێژانی ٢٠٢٠ی زایینی، ئاڵمان

## نموونەیەک لە شیعرەکانی:

### وشەی پیرۆز

مێژوو دەڵێ:
سەدان کەڕەت
گۆڕەپانی منیان کردە جەهەندەم و
وڵاتێکیان تیا هەڵقرچان!
بەڵام هەرگیز نەیانتوانی
دوو دیاردە
لەسەر سینگم بسڕنەوە:
یەکیان کورد و
ئەوی تریان
وشەی پیرۆزی کوردستان

## سەمبول

لەڕەوتی مێژوودا
هێندێ کەس
دەبن بە ئوستوورە و
سەمبولی بەرخۆدان
وەک شێخ و
بارزانی و
پێشەوا،
هێندێ ناو
دەبن بە ڕەمز و ڕاز
وەک  بەردە قارەمان
ئازار و
چوارچرا.

## دۆزەخ

مەلەکشا لە کۆپلەیەکی شیعری تەنیا، پێناسێکی خۆیمان بۆ دەکات، بەواتایەکی بەیانێکی گوزەرانی خۆیمان بۆ دەخاتە ڕوو.

ئێستا، تەنیا، تەنیا، تەنیا

لە شەقامە چۆڵەکانی ڕۆحی خۆمدا، سەرگەردانم!

وەک شەپۆلێکی یاخیم و

لە دەریای خۆم هەڵبڕاوم

هیچ بەندەرێک باوەشم بۆ ناکاتەوە!

ئێستا، لێرە، شاعیرێکم

زامەکانم دەهۆنمەوە

گۆرانی بێژێکی تەنیام و

لە شەوێکی بێ بوردا..

دەنک دەنک

خەمەکانم دەنووسمەوە!

***

شاعیر خەمی خۆی دەهۆنێتەوە ئێمەش لەبەشی یەکەمدا چەند تنۆکی ڕندۆکمان بۆ مەرگی پڕ لە ژان و ئازاراوی مەلەکشای گەورە هەڵوەراند.. لێرە و لە بەشەکانی ئایندەدا ژیان و شیعرەکانی دەخەینە بەر ڤۆکۆسی تایبەتی قسەکردنمان بە پلەی

سەرەکی لەسەر ناوەڕۆک و ئەوجا ڕوخساری شیعری ئەم شاعیرە.

وەک لێرەدا ڕایدەگەیەنین ئامانج دۆزینەوەی ئەو بیرۆکە و وشە و هزر و ئاماژە نەتەوەییانەن کە جەوهەری دۆزی نەتەوەکەی مەلەکشا پێک دێنن و لە ناوەڕۆکی خۆیدا کرۆکی شوناسەکەیان هەڵگرتووە و بارگاوین بە مانایەکی پیرۆزی تا سەر ئێسک ڕەوا. پرسێک کە هیچ کەسێکی خاوەن بەهای نەتەوەیی، ناتوانێ خۆی لێ لادات و نادیدە بیگرێ.. کەواتە بۆ شاعیرێکی هەست ناسکی هزر گەش، هەر زۆر سەختە لەو ئەرکە خۆی بدزێتەوە. مەلەکشا زۆر جاران خۆی پاڵەوانی سەر شانۆکە بووە و تاڵاوی زیندانی کراوە بە گەروودا. چونکە ئەم ڕاستییە سەرتاپای بوون و هەبوونی ئێمەی کوردی پێوە گرێ دراوە. بۆیەکا گوزارشت کردن لێی شەرم و سڵەمینەوەی ناوێت و لێرەدا دەنگی مەلەکشا هەمیشە دلێر و زوڵاڵ بووە.

مەلەکشا کاتێ بڵندگۆی ئەم پەیامە پیرۆزە وا بەرز ڕادەگرێ و دەیەوێ بە مانا هەرە پیرۆزەکان بەرجەستەی بکات، چ ترس و سڵەمینەوەیەکی لە ئاکامەی نییە. ئەو چاک دەزانێ چی چاوەڕوانی دەکات و مەترسییەکانی ئەم میحنەتی بێ دەوڵەتییەی باش لەبەر چاوە. ڕەنگە تا هەڵخستنی پەتی سێدارەش ڕاپێچی بکەن بۆ لەخاچ دان.

مەلەکشا دودڵ نەبوو لەوەی کە ژینگەی ئازادی نەک هەر بەرتەسکە، بگرە لە سەر زەمینەی واقیع بەتایبەت بۆ کورد دەرگا کلۆمکراوە . ئازادی لە گەروودا دەتاسێندرێ و ئازادی لە کوردستاندا مەرگی دڵتەزێنی لێ دەکەوێتەوە . لەم واقیعە تاڵەوە ئەو چاک دەیزانی، مەودای هەناسەدانێکی ئارام و سەرفرازهێنەر نییە و بۆ دەربڕینی وشە و ماناکانی شیعر و

پەیامەکەی، دەبێ باجی قورس بدات و پێویستە ئازاریش بکێشێ و رێگا پڕ مەترسسییەکانیش ژیان بگرێتە بەر.

کەواتە ئەمەیە جیاوازی و هێڵە جیاکەرەوەکە نێوان مەلەکشای بوێر و چاونەترس و بێ منەت و خەڵکەهایەکی تر. ئەم خەسڵەت و تایبەتمەندییانە مەلەکشا لوتکەی خۆی پێ دروست دەکات.

شیعری دۆزەخ, کە پەردەیەکی تری ژیانی تراژیدیائاسای شاعیرە ، ڕەنگدانەوە واقعی زیندانە گەورەکەی دەوڵەتی داگیرکەرە، دەکەینە وێستگەی کۆتایی ئەم بەشە.

**دۆزەخ**

لەناو گڕ و کڵپەی پڕ لە ئازاری ئەم دۆزەخەدا دەسووتێم و هەڵدەقرچێم ڕۆژێ هەزار کەڕەت دەمرم!

بەڵام هەرگیز ناتوانم ، نا ..

بەجێ بێڵم

ئەو بەهەشتە شاد و سەربەستە بۆ ئێوە و ...

بە کامتان بێ...

من تەنیا هەر لەم دۆزەخە

هەست بە بوونی خۆم دەکەم و ئارام دەگرم!

## کات

چوونە ناو دنیای شیعر و ژیانی هەر شاعیرێک، ناچاری ئەوەمان دەکات، سەر بە گەلێ لایەن و وێستگە و تایبەتمەندی و جیهانیدا شۆڕ بکەینەوە. وێنەکان بە وردی سەرنج بدەین و لێکدانەوەی قووڵیش بۆ وشەکان بکەین.. ئەوەی شاعیر لەم هەوارەوە پێشکەشمان دەکات، زادەی ئەزموون و ژانێکی هەڵقوڵاوی ڕاستەوخۆی خۆیەتی.. زیندووە و جوانکاری کەمی تێدا و به تێکڕا خاڵییە لە خەیاڵ و ئەندێشە.

مەلەکشای شاعیر بوون و هەبوون و چارەنووسی وەک هەر کوردێک بێبەرییە لە مافی ژیان و هەموو ئازادییە سیاسی و دیموکراسییەکان . وەک شاعیرێکیش بەهۆی دەربڕینی وشە و هەست و باوەڕی، بارێکی تری قورسی ژیانی وا بە کۆڵەوە، چەوساوەتەوە و سەرکوتراوی دەستی ڕۆژگارە. کێشەی مەلەکشا دەردی شوناسە و ئەمەش پرنسیپێکی پیرۆزی ژیانێتی، بۆیەکا بێ دوودڵی ئامادەیی تێدایە لەم سەرە ڕێیەدا هەر چەشنە سزایەکە بچێژێ. تاوەکو وەک شاعیرێک بتوانێ ڕاستگۆیانە و بوێرانە گوزارشت لە بوونی خۆیی و دۆزەکەی بکات.

زیندان شوێنێکە ، شاعیر هێندە ئولفەتی پێوە گرتووە، لە چەندین وێنەی جیاوازدا بۆمان نمایشت دەکات. هەر بۆیە لە دیوانەکەیدا بەردەوام ئامادەیی هەیە.

ژیان و دیوانی مەلەکشای پڕە لە وێنەی شیعریی، کە کتومت واقعی حاڵی زیندانمان بۆ دەگێڕێتەوە. ژیانێک بۆکرووزی زیندانێکی جەهەنەمی نەفرەتی لێ دێت. بۆیەکا دەبین ئەم لایەنە کاریگەرێتی و ڕەنگدانەوەی قووڵ و تاڵی بەسەریەوە هەیە. ئەم دیاردە بۆتە مایەی لەدایکبوونی خەیاڵی شاعیرانە بەسۆز و لە چەند تابلۆیەکدا بەرجەستە بووە.

کات

دیوار، دیوار..

دەورم دیوار و تێمانە

دنیا کڕ و کش و ماتە

هەنگاوی ژین ڕاوەستاوە

لە ئاقاری بێ بواری ئەم زیندانە

کات مشکێکە و تەمەن دەجوێ

شەو درەنگە

زیندانی چاو لە کاتژمێر

بێ دەنگ دەنوێ!            ل٣٤

***

درێژەی هەیە...